کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-5-2007 16:21

## نەبەز گۆران ئەم جارەیان یەخەی ئیسلام دەگرێت ... حسن قادیانەیی

mala. qadiani@yahoo. com

ئەوەی بابە تەکەی نەبەز گۆران بخوێنێتەوە کەلەڕۆژنامەی میدیای ژمارە 289ی -15-5-2007 بلاوی کردۆتەوە لە ژێرناونیشانی (لە هەرشوێنێك ئیسلامیەکی توند ڕەوتان بینی گولی بدەنی باتەریق بێتەوە) لە جیاتی ناوبراو هەست بەدارزان دەکات کە کەسێك بەم بێ شەرمیە لەنێو کۆمەلگایەکی سەرتاپا موسولمان جورئە تی ئەم دابەزینە بکات بەسە رئاینی ئیسلامی پیرۆزو مێژوە پڕسەروەریەکانی و بتوانێت بەم شێوازە توانجی ژەهراوی لەم ئاینە پیرۆزەبدات بەبیانوی ئەوەی کە قسە بە گروپە تیرۆرستەکانی بەناو ئیسلامی دەلێت سەرەتا ئەم دیفاعەی من پاریز گاری نیە لەهیچ گروپێکی ئیسلامی میان رەویش چجای گروپێکی تیرۆرست چونکە ئەوان خۆیان هەن و دەتوانن پارێز گاری لەخۆیان بکەن وەئێمەش وەکو موسولمان و زانایانی ئاینی زۆر بەر لە (نەبەز گۆران) تە بریئەی خۆمان و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشمان کردوە لە وجۆرە کەسانەی کە بەناوی ئیسلامەوە کۆکوژی دەکەن و بگرە ناوی پیرۆزی ئیسلامیش ناشیرین دەکەن بەلام ئەوە مانای وانیە ئێمەی موسولمان دەس بەرداری ئەم ئاینە بین نە بۆگروپە تیرۆرستیەکان و نەبۆنەبە زگۆران بەلك و بەلای ئێمە جیاوازی نیە لەنێوان تیرۆرستێك کەبەکارە ناشیرنە کانی ئیسلام ناشیرن دەکات لەگەل نەبەز گۆرانێك کە هەلبە ستەی نادروست بداتە پال ئیسلام.

نەبەزگۆران دوای کۆمەلێك توانجی بێ مانا دەلێت (هەرچەندە دلنیام ئیسلامی ڕا ستە قینە ئاینی شمشێرە.. ) سەرەتا دەکرێت بپرسین تۆ کام بڕوانامەی خوێندنی ئیسلامیت لایە تابلێی مندلنیام و شارەزایم هەیە بە ئسلام و مێژوەکەی گەر نیتە چۆن دلنیابویت وەگەرهەندە دلنیاییت ئاینی ئیسلام ئاینی شمشێرە دەبیدلنیاش بیت هەوادارانی ئەم ئاینە هەواداری شمشێر بەدەستن وەگەروایە تۆچۆن توانیت لەنێو ئەم هەموو هەزارەها موسولمانە ئاوا بیحورمەتانە دابەزیتە سەرئەم ئاینەو کەسیش لە گول زیاترت پێ نەلێ خۆ خوانە خواستا ناش لێت کوردوستان هیچ موسولمانی تێدانیە بۆیە کەس یەخە ی نەگرتووم؟

وەنکۆلیش لەوەناکریت هەروەك لەدرێژایی مێژودا خەلکانێکی زۆر بەناوی ئاینی مەسیحی و جولەکە و بەناوی ڕژێمە هەنو کەیەکانیش وەکو شیوعیەکان لەچیچانستان و بۆسنە و ئەلبانە کانی کۆسۆڤۆ هەندانێکی زۆر بەناوی عەلمانیەتەوە خەلکیان بەناهەق کوشتوە کاری نامرۆڤانەیان ئەنجامداوە خەلکانێکیش هەبون و هەن بەناوی ئیسلامەوە کاری لەم جۆرەیان کردوە و دەکەن کەئەمە نابێت تۆ گشتگیری کەیت بەسەر تەواوی ئاین و تەواوی موسولمانان.

دەلێت (.. ئەی دەبێت لەکاتی فەتح کردنی ئەم سنورە بەدەست شمشێر بەدەستەکانی نیمچە دورگەی عەرەبەوە چ بەربەریەتێك روی دابێت لەم سەدەیە دابەم هەمو زانست و عەقلەوە ئەم کارەساتانە لەنێو ئیسلامداڕودەدەن ئەی لەسەدەی هێرشەکانیاندا بەر لەهەزارو چوارسەد سال دەبێت چەند بێگوناهیان بەناوی ئیسلام بونەوە کوشتبێت... ) سەرە تامن دەپرس لە خۆی و موسولمانانیش ئایە ئەم گوتانە دابەزین و وەلام دانەوەن بۆ تیرۆرستانی ئەمڕۆ یاخوت دەم درێژیکردنە بۆسەر مێژوی ئیسلام و چەرخی سەردەمی پێغەمبەری خوا کەدۆست و دوژمن بەچەرخی زێرین ناویدەبەن چونکە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی بەهەوەسی نەبەزگۆران بەرلە هەزاروچوار سەت سال پێغەمبەر و یارەبەڕێزەکانی زۆربەی مرۆڤایەتی و جیهانیان ڕزگارکرد لەکوێرەوەری و چەساندنەوەو زلکاوی نەفامیەتی ئەوسا کەبەداخەوە کاك نەبەز و هاوبیرانی لێی بێ هاگان کەدەبی هەمو مرۆڤایەتیشانازی بەسەروەریەکانی چەرخی پێغەمبەرەوە بکات وەهەمو مرۆڤایەتی قەرزداری ئەم چەرخەیە بە ئەورپای ئێستاشتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:21 26-5-2007

کەئەوان سەرەتا لەقوتابخانەکانی ئیسلامی ئەوساوە فێری بنیات نانی ژیان و شارستانیەت بون کەناکرێت من لێرەوە باس لەو وردەکاریانەوە بکەم.

وەمن ئامۆژگاری نەبەزگۆران دەکەم کەلەمەو دوا شت دەنوسێت ڕونتر بنوسێت چونکە لەوانەیە زۆربەی خوێنەران حالی نەبن لەوەیکەئایە نەبەزگۆران ویستویەتی لەپە نای ئیسلامەوە تواج لەئیسلامیەکان بدات چونکە ناوێریت ناویان بێنیت یاخوت لەپەنای ئیسلامیەکانەوە توانج لەئیسلام دەدات کەئەمەیان یاری کردنەبەئاگر. هەر وەك من واحالیم ئەو ئەمەیانی کردوە بۆیە پڕیداوەتە سەردەمی پێغەمبەرو کۆششی ئەوویارە بەڕزەکانی بۆرزگارکردنی مرۆڤایەتی بە بەربەری ناوهێناوە

(کاك نەبەز) لەمەو دوا تۆ دەتوانی لەسەر خودی تیرۆرستان و چەندین کێشەی هەنوکەیی کەلەئارادان و خەمیخەلکن بنوسیت نەوەك خۆت لەشتێك بقوتێنی کەبواری جەنابت نیە و دووخوینەر دەست خۆشیت لێنەکەن وەگەر تۆئاواشتەکان تێکەل کەیت

خەلك لێت بەگومان دەکەویت لەو هەرایەی بۆ (سەرۆقادر) یشت نایەوە دواتر توشی هەندێك لەش شێلان بویت کەکورد گوتەنی (خواتا چیا نەبینیت بەفری تێ ناکات) یا خوت دوای ئەوەی تۆ لە م مامەلەیەی لەگەل کاك سەرۆ قادر کردتو دۆڕاندت دەتەوێت خۆت بە ئیسلام بگریتەوە گەروابیر بکەیتەوە هەلەیت




ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.